# پرۆژەیاسای مافی نەخۆش

## مادەی یەکەم:پێناسەکان

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە ، ئەو مانایانەیە کە لە بەرامبەریاندا هاتوون:

هەرێم:

هەرێمی کوردستانی عێراق

نەخۆش:

هەرکەسێک ناساغ یان بریندار بێت و پێویستی بە چاودێریی و چارەسەری پزیشکی هەبێت،یان لەژێر چاودێری وچارەسەردا بێت،یان بۆ دروستی جەستە ، مێشک یان دەروون راوێژ بە پزیشک یان کارمەندی پزیشکی یان کارمەندی تەندروستی بکات.

نەخۆشی:

ناساغی یا شێواتی جەستەیی،مێشک ، دەروونە،یان برینداریپەکە،کە سکاڵا و نیشانەیان هەبێت و ئاسوودەیی نەخۆشەکە بشێوێنن،چەند جۆرێکی هەیە ، لەوانە:

ا. نەخۆشی کت و پڕ(تیژ): نەخۆشی یەکی کورت خایەنە،سکاڵاو نیشانەکانی توندنە

ب.نەخۆشی کۆنینە:نەخۆشی یەکی درێژ خایەنە،سکاڵاو نیشانەکانی وردە وردە توند ئەبن و کاتێکی درێژ یان هەموو ژیان لەگەڵ نەخۆش ئەبن،ناو بە ناو لێ ی تیژ ئەکەن،ماکی خۆیان هەیە پێویستی بە چاودێری و دەرمان و پارێزی درێژ خایەن هەیە.

ج. نەخۆشی کوشندە:نەخۆشییەکەلە ئێستادا چارەسەری بنبڕی نییە و رەنگە لە چەند حەفتە یان چەند مانگێکدا نەخۆشەکە بکوژێت ئەگەر چارەسەری پێویستی بۆ نەکرێت.

نەخۆشخانە:

تەلار یان ئامۆژگایەکی میری(کەرتی گشتی) یا تایبەت یان تێکەڵاوە جا پشتیمانی یان نێونیشتیمانی - پسپۆڕی پزیشکیی و تەندروستی بەرێوەی ئەبەن ئامێری پێویستی تێدایە،بۆ پشکنین و دەستنیشانکردن و چارەسەر و بەدوادلچوونی نەخۆشی و نەخۆش : سەرەتاو زانیاری نەخۆشەکانی تێدا تۆمار ئەکرێت و ئەپارێزرێت.

پزیشک:

ئەو کەسەیە لە هونەری سارێژکردنەوەدا، لە کۆلیژێکی پزیشکی باوەڕپێکراودا، بە رێگەیەکی ئەکادیمی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی پزیشکی و نەشتەگەری گشتی و منداڵبووندا بەدەست هێناوە.

کارەکەی پەیوەستە بە پاراستن و گەڕانەوەی تەندروستی مرۆڤ ، لە رێی لێکۆڵینەوە و دەستنیشانکردن و چارەسەری نەخۆشی و برینداری.

پەرستار و برینپێچ:

دەرچووی ئاوەندی ، دواناوەندی ، ئامۆژگا یان کۆلیژی پەرستارییە، لەگەڵ ئەندامەکانی تری تیپی پزیشکیدا بەشداری چارەسەری نەخۆش ئەکات ، وەک و سارپێژکردنەوە و ئەرکی سەرجێی و ناسەرجێیی و چاودێری تەندروستی و ئەشکرێت لە توێژینەوەی پزیشکی و پەرستاریدا بەشدار بێت.

کارمەندی تەندروستی:

دەرچووی ئامۆژگای تەندروستییە ، مەشق و خوێندنی لە پەرستار زۆرترە ، شارەزای گوێپێدانی تەندروستییە کە ئەتوانێت یاریدەی پزیشک بدات لە گوێپێدان و پرۆسەی دەستنیشانکردن و چارەسەری پزیشکیدا .

ماماں

ئەو کەسەیە کە پاش خول و مەشق و راهێنان شارەزایی تەندروستیی پەیدا ئەکات، کە بتوانێت لە کاتی سکپڕی و منداڵبوون و پاش منداڵبووندا یارمەتی خانم و منداڵەکەی بدات.

دەرمان:

مژاێکی کیمیکیی یان سروشتییە لە پشکنینی پزیشکی یا چارەسەر یان بنبڕکردن و خۆپارێزیدا بۆ نەخۆش بەکاربێت

ماکەکان

بریتی یە لەو بارە نەویسترلوانەی،کە پاش چارەسەر بە دەرمان یان نەشتەرگەری یان هەر رێگەیەکی تری چارەسەر ئەشێت روو بدات ،جا دەرئەنجامی رێگەچارە بێت یان بە هۆی نەخۆش خۆی بێت.

١. ماکی ئاسایی : ئەو ماکانەن لە سەرچاوە پزیشکییەکاندا بە ستاندارد و ئاسایی تۆمارکراون ئەشێت لە کاتی چارەسەردا رووبدەن، ناچێتە خانەی هەڵەی پزیشکییەوە، وەک: خوێنڕیژی سووک و ماسوولەندی پاش مایەسیری ، یان سەرهەڵدانەوەی گەدە پۆس (الفتق)، گرپووتی دەنگ پاش نەشتەرگەری پەریزاده ....تاد.

٢. ماکی نائاسایی : ئەو ماکانەن لە سەرچاوە پزیشکییەکاندا بە ستاندارد و ئاسایی تۆمارنەکراون ئەچێتە خانەی هەڵەی پزیشکییەوە، وەک برینی بۆری سورێنچک لە کاتی نەشتەرگەری پەریزادەیان بڕینی گەدەو ریخۆڵە لە کاتی نەشتەرگەری گەدە پۆس (الفتق)دا ...تاد.

هەڵەی پزیشکی و تەندروستی

هەر کەموکورییەک لە گوێپێدانی ستاندەردی چارەسەری نەخۆش، جا لە ئەنجامی ناشارەزایی یان پشتگوێ خستن ، ببێتە هۆی زیان یا دەرکەوتنی ماک یان مردنی نەخۆشەکە.

## ماددەی دووەم : بنەماکانی یاساکە:

ا.فەراهەمکردنی مافی نەخۆش لە نەخۆشخانەی میری و تایبەت و کلینیکەکاندا، بە پێشکەشکردنی چارەسەری پزیشکی سەردەمیی و ڕێزگرتن لە ویستوخوازە رەواکانی لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

ب.پەیوەندی پزیشک و کارمەند لەگەڵ نەخۆش:

پەیوەندییەکی پیشەیی و رەوشتییە کە جەوهەر و ناوەرۆکی کاری پزیشکییە، بۆ گەیشتنە دەستنیشانکردن و چارەسەری نەخۆش پێویستە . ئاداب و بنەماکانی پزیشکی تێدا پەیرەو ئەکرێت پەیوەندییەکە پوخت پیشەییە وله سەر ڕێز و لێکگەیشتنی دوولایەنە دامەزراوە پزیشک ئەبێت ناخ و کەسێتی نەخۆش بپارێزێت ، ڕێز لە تایبەتییەکانی بگرێت ، و نهێنییەکانی بپارێزێت.

## مادەی سێیەم:مافەکان

<u>هەموو ئەو مافانە ئەگرێتەوە کە لەم یاسایە یان هەر یاسایەکی پەیوەندیداردا یان پەیرەو یان ڕێنماییەکدا هاتبێت ، جا لە نەخۆشخانەی میری یان تایبەتدا.</u>

١. نەخۆش مافی هەیە کە باشترین و نوێترین جۆری پشکنین و چارەسەری بۆ بکرێت ، بە جۆرێک بگونجێت لەگەڵ ستانداردی نێودەوڵەتی و زانستی پزیشکی و چارەسەری سەردەمدا

٢. نەخۆش مافی هەیە کە لە نەخۆشخانە و کلینیکەکاندا بە شێوەیەکی دروست و شیاو پێشوازی و ڕێنمایی بکرێت ، جێگەی پێشوازی و پشکنین و مانەوەی شیاو و دروستی بۆ دابین بکرێت ، بە شێوەیەک ناخ و کەسێتی و نهێنییەکانی بپارێزێت.

٣. نەخۆش لە مامەڵەو مافەکانیاندا یەکسانن، ناکرێت بە هۆکاری کۆمەڵایەتی، رەگەزی ، ئابووری، ئەمەن،رەنگ ،ئایین ، یان مەزهەب ( ئول)، بیروبۆچونی رامیاری یان بۆ هەر هۆکارێکی تر جیاکارییان لە نێواندا بکرێت.

٤. مافی نەخۆشە دەمودەست بە گەیشتنی بۆ نەخۆشخانە یان کلینیک ، چارەسەری پزیشکی بۆ بکرێت بیگرێتە ئەنجام و هۆکاری قانونی بریندارى یان نەخۆشییەکە بێ چاوەڕوانی نوسراوی لایەنی بەرپرسی لێکۆڵینەوە بەڵام پێویستە ئاگاداریی لایەنی پەیوەندیداری لێکۆڵینەوەی لە کاتی ئەگەری تاوان لە ڕوداوەکە

٥. ئاگادارکردنەوەی ئاماژەپێکراوی برگەی ٤ ، ڕێگر نییە لە پێدانی یان بەردەوا بوون لە سەر چارەسەری پزیشکی ی

٦. کارمەندێکی تەندروستی یا پەرستارێک یان بریندپێچێکی شارەزا دەستنیشانبکرێت بۆ پێشوازی و یاوەری و بە دواداچوونی رەوتی نەخۆشی و چارەسەر و پاشان تۆمارکردنی لە دۆسییەی نەخۆشدا.

٧. ئەبێت گشت زانیارییەک دەربارەی نەخۆشی و رێگەچارەو دەرمان و ماکی دەرمان و نەشتەرگەری بدرێتە نەخۆش.

٨. زانیاری نەخۆشی تەنیا ئەدرێتە خودی نەخۆش یان سەرپەرشتیار بۆ ئەو نەخۆشانەی کە لە بەندەکانی (ا،ب،د) ی برگەی ١٤ مادەی (٣) ی ئەم یاسایەدا هاتوون.

٩. نهێنیی نەخۆش و نەخۆشییەکەی بپارێزرێت،بەڵام ئەکرێت لە سەر داوای دادگا یان بۆ پێویستی لێکۆڵینەوەی قانونی بدرکێنرێت.

١٠. ناکرێت نەخۆش لە میدیاکاندا پیشاندرێت ، مەگەر بە ڕەزامەندی خۆی بێت یا خانەوادەی یان سەرپەرشتیاری بۆ نەخۆشەکانی بەندەکانی (ا،ب،ج) ی برگەی (١٤) ی ئاماژەبۆکراو.

١١. لە کاتی پیشاندانی نەخۆش لە میدیاکاندا بە پێی برگەی ( ٩) ی ئەم مادەیە ، پێویستە بە جۆرێک بێت کەسەکە نەناسرێتەوە.

١٢. بۆ نەخۆش هەیە وێنەیەک لە دۆسییەی نەخۆشییەکەی یان راپۆرتی پزیشکیی تەواو لە پزیشکی چارەساز یان نەخۆشخانە وەربگرێت.

١٣ . پێویستە پزیشکی فێرکار و خوێندکارانی لە کاتی مەشقی پزیشکی لە نەخۆشخانەکاندا، خۆیان بە نەخۆش بناسێنن و ڕەچاوی برگەی (٥) ی مادەی ٤ ی ئەم قانونە بکەن.

١٤- لەم بارودۆخانەی خوارەوەدا، لە باری کتوپڕیدا پزیشک مافی بڕیاری جۆری چارەسەری ئەم نەخۆشانەی خوارەوەی هەیە بە بێ گەڕانەوە بۆ خانەوادەکەی یان هەر کەسولایەنێکی تر :

ا. بێهۆش

ب. بیرکۆڵ

ج. بێ کەس

د. نەخۆشی تەمەنی خوار (١٨ ساڵ) ، کاتێک بڕیاری خانەوادە یان سەرپەرشتیارەکەی لە بەرژەوەندی نەبێت یان ڕێگر بێت بۆ چارەسەر.

١٥. پزیشکی چارەساز بەردەوام ئەبێت لە چارەسەری نەخۆشدا ، بێگوێدانە ڕەزامەندی خانەوادە یان هەر کەس و لایەنێکی تر بۆ ئەو نەخۆشانەی لەبەندەکانی برگەی (١٤) ی ئەم مادەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

## مادەی چوارەم

**ئەم بنەمایانەی خوارەوە لە کاتی بینینی نەخۆشدا ڕەچاو ئەکرێت؛**

١- نەخۆش سەربەستە لە قایل نەبوونی بۆ وەرگرتنی چارەسەرو نەشتەرگەری، تەنیا لەو بارە کتوپڕیانەدا نەبێت کە ژیانی ئەخاتە مەترسییەوە،

٢. لەباری کتوپڕی برگەی (١٤)ی مادەی (٣) ی ئەم قانونەدا پزیشک پاش راوێژی پەلە بە لیژنەیەک کە لە سێ کەس کەمتر نەبن لە بواری خۆیدا، بە بڕیارێکی خێرای واژووکراو چارەسەر ئەکات،

٣. ئەگەر پزیشکی چارەساز بینی لیژنەی ئاماژەپێکراوی برگەی (٢) ی ئەم مادەیە ، لە شوێن و کاتی پێویستدا کۆ نەکرایەوە یان لە کاتی گونجاودا بڕیاری نەدا ،لای خۆیەوە چارەسەر ئەکات، پاشان لیژنەکەی لێ ئاگادارئەکاتەوە، بۆ هەڵسەنگاندنی جۆری چارەسەرەکەو بڕیاری نوێ لەو بارەیەوە ئەگەر پێویستی کرد.

٤. نەخۆش ئازادە ڕاوێژ بە پزیشکێکی تر بکات، بۆ کێشە تەندروستییەکەی ئەگەر لەگەڵ پزیشکی چارەسازدا نەگەیشتە چارەسەرێکی گونجاو لەم بارەدا پێویستە پزیشکی یەکەم ڕاپۆرتی پزیشکی تەواو سەبارەت نەخۆشی و بەدواچوونەکانی بداتە نەخۆش وەک ڕێنمایەک بۆ پزیشکی دووەم.

٥. نەخۆش بۆی هەیە کە هەر ڕێگەچارەیەکی دەستنیشانکردن ، تەنانەت پشکنینی سەرجێییش ڕەت بکاتەوە.

٦. نەخۆش ئەنجامی ڕەتکردنەوەی جۆری پشکنین و چارەسەر لە ئەستۆ ئەگرێت، بەڵام ئەم ڕەتکردنەوەیە ڕێگر نییە بۆ پزیشک کە بە بۆچوونی پزیشکی خۆی چارەسەری بداتێ

٧. پزیشک بە تەنیا نەخۆش نەبینێت و نەپشکنێت، ئەمەش ڕێگر نییە لە نەخۆش کە یاوەرێکی لە گەڵدا بێت.

٨. پزیشک کاتی پێویست ئەدات بەنەخۆش بۆ باس وخواسی نەخۆشی و پشکنین.

## مادەی پێنجەم : مافی خانمی دووگیان(سکپڕ)

جگە لە مافەکانی تری نەخۆش، خانمی دووگیان ئەم مافانەی خوارەوەی هەیە:

١. خانمەکە سەربەستە لە هەڵبژاردنی شوێن و جۆری منداڵبوونەکەی

٢. مەڵبەندێکی تایبەتی دڵنیا ئەکرێت بۆ گوێبیستان ، ڕێنمایی ، ڕاوێژ و چارەسەر.

٣. کارمەند و مامان بە وشیاری چاودێری بکەن

٤. بۆی هەیە لە هەر قۆناغێکی دووگیانی و منداڵبوونیدا سەر بدات لە نەخۆشخانەی ژنان و ژنان و مەڵبەندی تەندروستی بۆ ڕێنمایی و ڕاوێژ ، چارەسەر.

٥.گرێ بە خۆی و منداڵە تازەبوو(نەوزادە)کەی بدرێت

٧.بڕیاری چارەسەر و نەشتەرگەری بە ڕەزامەندی خانمەکە یان خزمی نزیکی ، ئەگەر نەخۆش توانای بڕیاردانی نەبوو.

٨. لە کاتی کتوپڕیدا پزیشک بۆی هەیە بە پێی برگەی (١٤) ی مادەی (٣) ی ئەم قانونە چارەسەر بکات.

## مادەی شەشەم: لەباربردن

بە هۆی باری تەندروستییەوە ژنی دووگیان ( سکپڕ) ئەتوانێت داوای لە باربردن بکات ، بەمەرجێک ئەبێت لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕ بڕیاری لەسەر بدات

## مادەی حەوتەم :قەرەبوو

لەگەڵ مافی قەرەبوو بە پێی یاساکارپێکراوەکانی هەرێم، پێویستە دامەزراوی بیمەی تەندروستی لەم بارانەی خوارەوەدا قەرەبووی نەخۆش بکاتەوە:

١. هەڵەی نەخۆشخانە : لەو زیانانەی بە نەخۆش ئەگات لە ئەنجامی هەڵەی پزیشکی ، تەندروستی،هونەری یان کارگێڕی یان هەر جۆرێکی تر کە لە نەخۆشخانەدا ڕوویدات جا لەم یاسایەدا یان لە هەر یاساییەکی تری کارپێکراودا هاتبێت.

٢. کەمتەرخەمی پزیشکی دەرمانساز لە پێدانی زانیاری سەبارەت ماکی دەرمان ، بەو نەخۆشانەی نەخوێندەوارن یان ئەو زمانە نازانن کە لە پاکەتی دەرمانەکەدا ڕێنماییەکانی پێ نووسراوە یان کە دەرمانێک ڕێنمایی و زانیاری لەگەڵدا نەبێت.

٣. لە دەرکەوتنی ماکی نائاسایی کە لە ئەنجامی چارەسەر بە دەرمان یان نەشتەرگەری یان هەر ڕێگەیەکی تر روو بدات.

## مادەی هەشتەم:

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ناوەرۆکی مادەی حەوتەم ، پێویستە دامەزراوەی بیمەی تەندروستی لە کاتێکی گونجاودا لە هەرێم دابمەزرێت بە پێی قانونێکی تایبەت بە خۆی.

## مادەی نۆیەم:

لە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە،

١- تەواوی خەرجی چارەسەری نەخۆشی، بە تایبەتی نەخۆشییە کڕتیە و کوشندەکان؛ بۆ نەخۆش دابینبکات ، جا چارەسەرەکە لە ناو یان دەرەوەی هەرێم بێت، پاش بڕیاری لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند.

٢. نەخۆشخانەی تایبەتمەند بە نەخۆشییە دەروونییە کڕتیەکان بۆ ژن و پیاو لە پارێزگاکانی هەرێم بکاتەوە کە تواناى شیاو و گونجاوی بۆ حەواندن و چارەسەر و مانەوەی نەخۆشی تێدا بێت .

## مادەی دەیەم:هاوکاری

لە سەر سەندیکا پزیشکی و تەندروستی و میدیاکان پێویستە هاوکار بن لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

## مادەی یانزەیەم :جێبەجێکردن

١ . لە سەر وەزارەتی تەندروستی و لایەنی پەیوەندیدار پێویستە، ئەو پێداویستییانە دابین بکەن کە ناوەرۆکی مادەکانی ئەم قانونەی پێ جێبەجێ ئەبێت.

## مادەی دوانزەیەم:

پێویستە وەزارەتی دارایی بودجەی تەواو و تایبەت بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەم قانونە دابین بکات.

## مادەی سیانزەیەم:

بۆ وەزیری تەندروستی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێبوونی ئەم قانونە دەربکات.

## مادەی چواردەیەم:

کار بە هیچ دەقێکی تر ناکرێت دژ بێت بەم قانونە.

**مادەی پانزەیەم:**

لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ( وقائعی کوردستانی) دا کاری پێ ئەکرێت.

***هۆکانی دەرکردنی ئەم قانوونە:***

پشتبەست بە بنەماکانی مافی مرۆڤ ، بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتی و لە پێناو فەراهەمکردنی پێویستییەکانی تەندروستی لەش و عەقڵ و دەروونی تاک و کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و کاراکردنی ڕۆڵی حکومەت و دامودەزگا تەندروستی و پەیوەندیدارەکان لەم بوارەدا ، بە گیانی بەرپرسیتی سەردەمانە و گونجاو لە گەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی هونەری پزیشکی و چارەسەری هاوچەرخدا ، ئەم قانوونە دەرچوو.